# ئەی خەڵکینە، نەرم ونیان بن دەرهەق بە خۆتان، ئێوە نە بانگی نەبیست ونە (بانگی) ئامادەنەبوو دەکەن، ئەو لەگەڵ ئێوەیە، ئەو دەبیستێت ونزیکە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو لە سەفەرێکدا، هەرکاتێک دابەزینایە بۆ نێو دۆڵێک تەهلیلات* وتەکبیراتمان** دەکرد ودەنگمان بەرز دەبووەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی خەڵکینە، نەرم ونیان بن دەرهەق بە خۆتان، ئێوە نە بانگی نەبیست ونە (بانگی) ئامادەنەبوو دەکەن، ئەو لەگەڵ ئێوەیە، ئەو دەبیستێت ونزیکە (سميع وقريب)ە».
(-*(تەهیلات: واتە ووتنی -لا إله إلا الله-)، **(تەکبیرات: واتە ووتنی -الله أكبر

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین بوخاریە]

ئەبو موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوون لە سەفەرێکدا، تەهلیلات* وتەکبیراتیان** دەکرد ودەنگیان بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەی خەڵکینە، نەرم ونیان بن دەرهەق بە خۆتان): واتا بە ئاسان وەری بگرن و لەسەر خۆتان قورس وناڕەحەتی مەکەن بە دەنگ بەرزکردنەوە. (ئێوە نە بانگی نەبیست ونە -بانگی- ئامادەنەبوو دەکەن، ئەو لەگەڵ ئێوەیە، ئەو دەبیستێت ونزیکە -سميع وقريب-ە): پێویست ناکات لە کاتی زیکر کردندا مرۆڤ دەنگی بەرز بکاتەوە چونکە خوای گەورە پێویستی بەمە نییە چونکە خوای گەورە هەموو شتێک دەبیستێت ئەگەرچیش زۆر بە نزمی بووترێت وهیچ دەنگێک لێی شاراوە نییە، وئەو نزیکە لە بەندەکانەوە ودوور نییە، وهەموو شتێکیش دەبینێت، هەرچەندە ئەو لەسەرووی عەرشەوەیە لەسەرووی ئاسمانەکانەوە. کاتێک -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ئێوە دەپاڕێنەوە لە بیسەر ونزیک -سميع وقريب-): ئەمە لە شێوازی ئەوپەڕی کامڵ بوونە بۆ خوای گەورە لەم سیفەتانەدا بۆیە هیچ دەنگێکی لێ ناشاردرێتەوە تەنانەت دەنگی پێی مێروولەکانیش دەبیستێت لەسەر بەردێک لە تاریکایی شەودا، وکەمتریش لەوە، وسەرەڕای بەربەستەکان هەموو شتێک دەبینێت، ئەو هەموو شتێک دەبیستێت کە دەیڵێن لە وشەکان ئەوانەی دەری دەبڕن وئەوانەیشی دەری نابڕن لە نەفسی خۆتاندا دەیڵێنەوە، وجووڵەکان دەبینێت، و لەگەڵ بەندەکانە ونزیکە لەو کەسەی لێی دەپاڕێتەوە، وهەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە، هەرچەندە ئەو لە سەرووی عەرشە لە سەرەوەی هەموو بوونەوەرەکان، وهیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە لەوەی بوونەوەرەکان دەیڵێن ودەیکەن هەرچۆنێک بێت، بیستن وبینین ونزیک بوون لە سیفەتەکانی خوای گەورەن، وجێگیر کراون لە قورئان وسونەتدا بە شێوەیەک شایستەی زاتی مەزنی خودا بێت، بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وچواندنی بە بوونەوەرەکان ولادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی. *(تەهیلات: واتە ووتنی -لا إله إلا الله-)، **(تەکبیرات: واتە ووتنی -الله أكبر-)

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee